# له پەراوێزی کیمیابارانی HELLEBCE:da

**Ebas SHIWAN**
a.shiwan@ikurd.com

مێژووی ململانێی نێوان کوردستانیان و حکومەتە عەرەبییەکانی ئێراق, مێژوویەکی کارەساتاوی وایە کە زیاتر بەزیان و ماڵوێرانی و ئاوارەیی و کوشتوبری کوردان کۆتایی هاتووە, چوونکە هەمیشە دەوڵەت لەباری سەربازی و ئابووری و... دەست ڕۆیشتووتر بووە.



بۆ هاوسەنگی و بەناچاری سەرکردایەتی سیاسی و بزاڤی ڕزگاریخوازی و ناڕازی کورد پەنای بۆ شاخ و چەك و کۆمەکی دەوڵەتانی داگیرکەری دیکە بردووە، کە کەمتازۆر لەگەڵ حکومەتی عەرەبانی ئێراقدا ناکۆك بوون.

ئەم داڵدان و پەنابردنە بەر کۆشی دوژمن، بۆ خۆی وەك خەوشێك چاوی لێکراوە.

دەکرێت بووترێ؛ ئەو لەیەکتر نەگەیشتنە کەشوهەوایەکی توند و زبر و ناجۆری لەنێو خەڵکی ئێراق بە کورد و عەرەبەوە بۆ ماوەیەکی درێژ خولْقاندووە، تا ئێستایش بەردەوامە و لەداهاتوودا قبیلی تەقینەوەیە.

ئۆپۆزسیۆن بوونی بەردەوامی کوردستانیان و دەست تێوەردانی دەوڵەتانی داگیرکەری تر، بیانوویەکی زێرین و گونجاو بووە، کە حکومەتی عەرەبی ئێراقی کوردستانی باشوور بکاتە ئۆردووگایەکی سەربازی گەورە! دیارە یاسای سەربازیش نەك لە کوردستان بەڵکوو لەئاستی جیهان بە یاسایەکی بێرۆح و بێگیان ناسراوە! بۆیە وەك بینیمان زۆر دڕندانە وەڵامی نارەزایەتی کوردستانیان دایەوە.

باشترین نموونە؛ ئەو کۆمەڵکووژییە هۆڤیانە بوو کە فرۆکە جەنگییەکانی عەرەبە ئێراقییەکان بەسەر شارۆچکەی **(HELLBCE)**دایان هێنا و بووە مایەی کوشتنی زیاتر لە **5** هەزار مرۆڤی سڤیل بە گازی کیمیاوی.

ئەو کارە داخ لەدڵانە و کۆێرانەیەی حکومەتی عەرەبان، کە دەرهەق بەو شارۆچکەیە و خەڵکەکەی کرد، بە پلەی یەکەم بۆ؛ خەبات و نارەزایەتییان دەگەڕێتەوە. ژمارەی ئەو خۆپیشاندان و مانگرتنانەی کە لەدژی کارە نارەواکانی حکومەت ئەنجامیان دابوو، بەبەراورد لەگەڵ باژێرێکی گەورەی وەك سلەیمانی، پلەی هەڵەبجە بەرزتر بوو، ئەمە لەکاتێکدا سلەیمانی بەناوەندێکی نارەزایەتی لە کوردستانی باشوور ناسراو بوو.

جێگەی داخە، لەو ڕووداوەدا سەرکردایەتی سیاسی کورد دەوری نێگەتیڤانەیان کایە کرد! ئەوان حەکیمانە کاریان بکردایە و بەتەنگ ژیانی خەڵکی شارۆچکەکەوە بوونایە، بێگومان کۆمەڵکوژییەکە بەو شێوە نەدەبوو، مەرام و خواستی حکومەت نەدەهاتە دی و لەوانە بوو ژمارەی قووربانیان کەمتر بووایە.

لەگەرماوگەرمی داگیرکردنی شارۆچکەکەدا، بەرەی ئۆپزسیۆن کۆنترۆڵی شاریان بەدەستەوە بوو. لەکاتی هاتنی فرۆکە جەنگییەکاندا هیچ بەرگرییەکیان نەکرد بوو! شار چۆڵ دەکەن و خەڵکی بەبێ هیچ ئامرازێکی خۆپاراستن و بەرگری لە جەنگی کیمیاوی بۆ چارەنووسی نادیار بەجێدەهێڵن!!

ئەوان، تەنانەت بەر لەدەست پێکردنی هێرشە کیمیاوییەکە، هەرەشەیان لەخەڵك کردبوو؛ نابێ شار چۆڵ بکەن. گوایە حکومەت دەست لە خەڵکی سڤیل و خودی خۆی ناوەشێنێت!! وەك بینرا رێك بەپێچەوانەوە دەرچوو!!؟؟

شایەنی وەبیر هێنانەوەیە بەر لەرووداونی ئەو کارەساتە، زۆر لەمێژ بوو خەڵکی کوردستان بەتایبەت گوندنشینانی گەورەو بچووکی سنووری ناوچەکانی کەرکوك و سلەیمانی و هەولێر لە ئۆپراسیۆنەکاندا کەوتبوونە بەر شاڵاوی ئەو جۆرە چەکە!

لە کارەساتی کیمیابارانی شارۆچکەکەدا تەنیا خەڵکی خۆجێی تیا نەچوون. پێگەی جوگرافی شارەکە نزیك سنووری دەوڵەتی داگێرکەری ئێران هەڵکەوتووە. هەروەك چۆن کوردستانیانی باشوور لەدژی داگیرکەری عەرەب هەستابوون، بەو پێیەش کوردستانیانی رۆژهەڵات لەدژی داگیرکەری فارسی لەخەباتدا بوون.

لەئەنجامی ململانێی نابەرابەر و فشاردا، باڵی چەکدار بزاڤی کوردستانیان لەشوێنی خۆیان هەڵکەنرابوون و لەناوچە سنوورییە دەستکردەکانی دیوی باشوور، ئۆردوگا سەربازییەکانیان جێگیر بوو.

کە هەڵەبجە ئەو رووداوەی بەسەرهات، تەرازووی هێز گۆڕانی بەسەردا هات، ئاگری بێئامانی جەنگ بەربووە پووشووی ئەو هێزانەی لەو ناوچەیەدا هەڵیاندابوو. ئەوە بوو بەشێکیان لەکیمیابارانەکەدا تیاچوون، بەشێکیشیان دەستەویەخە لەگەڵ سوپای داگیرکەری فارسی ئێران لەبەرگری کردندا کوژران.

ئەوەیشی گیرا دەستبەجێ بەدادگایی کردنی سەحرایی گوللەباران کران! وەك زانرا ئەو هێزەی بەر گورزی کوشندە کەوت خەباتکارانی کۆمەلە بوون، **25** پێشمەرگەیان لەدەستدا.

هەر لەو سەروبەندەدا، ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانی **KDP** ـــ رۆژهەڵات بە هاوکاری هێزەکانی **PUK** بێ ئەوەی زیانیان بەرکەوێت بە دژی کۆماری ئیسلامییەوە دەربازی ئێران دەکرێن و دوایی دەگەڕێنەوە دیوی ئێراق.

کیمیابارانی هەڵەبجە یان بەقەولی هۆزانڤان هەڵەبشیما کارەساتێکی فرە ناخۆش و پڕ سوێیە و قابیلی لەبیرکردن نییە، لەهەمانکاتدا بووە هۆی ڕسوا بوونی هەرچی زیاتری حکومەتی عەرەبی ئیراقی و کێشە و مەسەلەی کوردیشی لەئاستی نیونەتەوەیدا گەیاندە فازێکی باڵاتر.

بەڵام، سەرئەنجام هەروەك بینیمان ئەو دەڤەرە لەبەری خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانی بێئەژماریان چنییەوە، بۆ ماوەی دە ساڵە لەژێر چەمکەی داگیرکەردا نەماوون و بە ئازادی دەژین.

---

بۆ ئەمانەت: ئەم وتارە لە رۆژی **2000.3.13** دا ڕوو بە خەڵکی فینلەندی نووسرا بوو، لەلایەن مەجید هەقیيەوە کرابووە فینلەندی. ئەوەی ئێستا کەمێك دەستکاری کراوە.

02.3.16